

**مەهاباد قەرەداغی**

**بەرپرسی پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان:**

# پێویستە ئافرەت کاتێک بەشداری فیعلی سیاسەت دەکات، خۆی بۆ ئەو پۆستە تەرخان بکات

مەهاباد قەرەداغی بەرپرسی پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ گوڵان تیشکدەخاتە سەر رەوشی کار و چالاکییەکانیان و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئافرەت کاتێك بەشداری سیاسەت دەکات، خۆی بۆ ئەو پۆستە تەرخان بکات و ئامادە نەبێت وەك دیکۆرێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .

*** زۆرجار هۆکاری توندوتیژییەکانی بۆ دابونەریتی کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی ئایین دەگێڕنەوە، لەوبارەیەوە راتان چییە؟**

- دیارە مەسەلەی توندوتیژی لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی دنیا بەشێوەیەکی گشتی هەبووە، توندوتیژی دیاردەیەکە ئەگەر لەڕووی کۆمەڵناسییەوە لێکدانەوەی بۆ بکەین، دەبیین لەسەرەتای سەرهەڵدانی بەرژەوەندییەکانەوە دەستی پێکردووە، واتە کاتێك کار و دەستکەوتەکان دابەشکراوە، توندوتیژی کراوە، ئەوەش لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەبووە، یەکێك لە سیفەتەکانی کێشەکەش ئەوەیە کە لایەنی بەهێزتر بۆ زەوتکردنی ئەو دەستکەوتانە هێزی بەکار هێناوە، لەهەر کۆمەڵگەیەکیش شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبووە، تاگەیشتۆتە ئەمڕۆ کە لەهەر کۆمەڵگەیەك شێوازو ئامرازەکانی دەگۆڕدرێن.

*** زۆر جار دەگوترێ توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت جگە لەناو خێزان، لە ناو دامودەزگا حزبی و حکومییەکان و بەتایبەتی لە ناو میدیا و ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوانی ئافرەتانیش بوونی هەیە، ئەوە تا چەند ڕاستەو رێکاری چارەسەری چۆن دەستنیشان دەکەی؟**

- خۆی ئەم بابەتە دەبێت بەشێوەی زنجیرە ئیشی لەسەر بکەین، چونکە لەهەر شوێنێك هۆکارەکەی جیاوازە، هەندێك ململانێی پیشەیی هەیە، دیسانەوە دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان هۆکاری سەرهەڵدانی زۆربەی توندوتیژییەکانە، لەناو هەموو پیشەکاندا تەنانەت لەناو نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانیشدا هەیە، کە دیسانەوە دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان هۆکاریەتی، زۆرجار کێشەو ململانێیەکان لەسەر شوێنێکی تایبەتە، یان لەسەر بەرژەوەندییەکی تایبەتە، ئیتر ئەوە لەناو خێزان بێت، یان لەناو دامودەزگایەکی کۆمەڵگە بێت، بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی ئێمە و سەرجەم کۆمەڵگەکانی دنیادا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە .

*** ماوەی نزیکەی بیست ساڵە چەندین ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنان لە هەرێمی کوردستان خۆیان دەرخستووە، ئەدای ئەو ڕێکخراوانە بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- خۆی کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەکی دورودرێژ لەڕووی سیاسیەوە کۆمەڵگەیەکی ناسەقامگیرو داگیرکراو بووەو دابوونەریت و کەلتووری خەڵکانی بیانی بەسەریدا سەپێنراوە، بۆیە لەهەر بەشێکی کوردستاندا جۆرێك لە کەلتوورێکی ئاوێتەو ئاڵۆزی بۆ دروست بووە. زیاتر لە پەنجا ساڵ پێش ئێستا لە لێکۆڵینەوەی کەلتووری عەرەبی بەدەوی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی دەرکەوتووە کە چۆن ئەو کەلتوورە نزمە لە ژن دەڕوانێت. لەو کەلتوورەدا ئەگەر یەکێك سوکایەتی بە پیاوێك بکات، یان جنێوێکی پێبدات، پێی دەڵێت: هەی ژن، واتا ئەم کەم تێڕوانینەی ژن چەسپێنراوە لەناو ئەو کەلتوور و دابونەریتانەدا، کوردستانیش بەشێك بووە لە عێراق و هەمیشە کاربەدەستانی عێراق ویستوویانە زمانی و کەلتوورو نەریتی کورد بسڕنەوە، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوی

کۆمەڵــی مەدەنــی و ڕێکخراوی ئافرەتان ئەگــەر چی ئەمانە هەموویان کاردەکەن و ڕۆژانە کێشــەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر چارەسەر دەکەن، بەڵام هەندێك بابەتی وا هەیە، کاتێك کەلتووری نامۆ، یان هەڵە لەناو کەلتووری کۆمەڵگەیەك دەچەســپێت، زۆر ئاستەم چارەســەر دەبێت، بێگومان لەکوردستان کاری زۆر کراوە، تا ڕادەیەکیش توانیویانــە گۆڕانکاری بکەن، بەڵام هەتا ئەمڕۆ ئافرەت بەقســەی ناشــرین برینداردەکرێت و بەهۆی جەستەییەوە ئافرەت وەك دۆڵابێك دانراوە کە شــەرەفی پیاوی تێدا پارێزراوە، بۆیە کوشــتن لەسەر شــەرەف بەردەوام بووە، ساڵانەش ئامارەکان پێمان دەڵێت کە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەت خۆی دەسووتێنێت، یان دەسووتێندرێن، یان بە چەندین جۆری سامناکی تر دەکوژرێن.

*** باســی ئەوەت کرد ڕێکخراوەکان کاری باشــیان کردووە، بەڵام بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٢ قوربانیانی توندوتیژی لەقوربانیانی هاتوچۆ و قوربانی نەخۆشــیەکان زیاتر بووە؟ ئایا ئەوە ناکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان؟**

- خــۆی توندوتیــژی تەنیا لەوەدا کــورت ناکرێتەوە کە چەند ئافرەتێك دەکوژرێن، بەڵکوو توندوتیژی لەڕێگەی زمان و قسەی ناشرین و سووکایەتی پێکردن، ڕێگە لە گەشەی هەزاران ئافرەت دەگرێت، وایان لێدەکات لەڕووی کەسایەتییەوە ڕووبەڕووی هەڵدێر ببنەوە، ئەمانەش هەموویان خەتەرن لەسەر ژن، ئەو هەڵاواردنەی کە لەخێزان و دامودەزگاکان بەرامبەر بەئافرەت دەکرێت، هەمیشە وادەکات کــە مافەکانی لێ زەوت بکرێــت، زۆر جار ژن لەلایەن کەسە زۆر نزیکەکانی ناو خێزانەکەی لەمافەکانی بێبەش دەکرێت، تەنیا ئەرکی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەس نییە، پێویستە حکومەت و پەرلەمان کار لەســەر ئەم بابەتە بکەن و یاسای بۆ دەربچێت و یاساکان جێبەجێبکرێن و بەدواداچوونیش هەبێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا یاســاکان جێبەجیدەکرێن؟ کێشەیەکی دی ئەوەیە کە زۆرجار دەبینین، دوو دەزگا کە پەیوەندیدارن بە مەسەلەی ئافرەتانەوە، من ڕەخنەم زۆر لەو دەزگایانە هەیە کە کار لەسەر توندتیژی دەکەن، چونکە خۆیان بەخاوەنی هەموو کێشەوە نازانن، دەزگا هەیە دەڵێت ئێمە تەنیا پلانی ستراتیژی دادەڕێژین، یان هەیە دەڵێت ئێمە تەنیا ئامار کۆدەکەینەوە، ئەوەش کێشەیە، چونکە هەر یەکێك لەو شتانە ڕێکخراوێکی بچووکی ناحکوومیش دەتوانێت بیکات و پێویســت بــەوە نــاکات دەزگایەکی حکوومی کــە بودجەیەکی زەبەلاحی هەبێــت و چەندین بەڕێوبەری گشــتی و راوێژکار و بەڕێوبەر و کارمەندی پیســۆڕی بۆ تەرخان بکرێت، کەچی بڵێت من تەنیا ســتراتیژ دادەنێم، واتا نابێت دەزگایەکی حکوومی کەســەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە تەنیا ئەرکی دانانی بەرنامەو ســتراتیژ بێت، بەڵکوو پێوستە دەزگایەکی جێبەجیکردن بێت و کێشەی ئافرەتەکان چارەسەر بکات.

*** حکومەت تاچەند توانیویەتی عەقڵییەتی پیاوســالاری بۆ مرۆڤسالاری بگوڕێت ؟**

- بە بڕوای من حکومەت کاری کردووە، بەڵام هەمیشــە لەناو کارەکانیــدا دابڕان و لێکپچڕان هەبووە، واتە هەمیشــە ماوەیەك کاری جددی لەسەر شــتێك کردووەو دواتر راوەستاوە، بۆ نموونە جاری وا هەبووە، بۆ ماوەی دووساڵ کاری زۆر باشکراوە، بەڵام دواتر ڕاگیــراوە، ئەم کارە بە پچڕپچڕی ناکرێت، یەکێك لەهەڵە گەورەکانی حکومەت کە زیانی بەپرسی ژن گەیاندووەو ئەوە بووە کە هەمیشە لە پلانە ستراتیژیەکانی ئەو بوارە دابڕاوە، بۆ نموونە لەســاڵی (٢٠٠٥) دەستی کرد بەستراتیژێك کە پرسی یەکسانی لەناو سیاســیەتی خۆیدا جێبەجێ بکات، بۆ ماوەی یەك و دوو ســاڵێکیش چەندین کاری باشــکرا و دەزگایەکی تایبەتمەند بۆ بەرەنگاری توندوتیژی دامەزرێنــدرا، بەڵام کاتێك حکومەت و ســەرۆکی حکومەت دەگۆڕدرێت، گۆڕانکارییەك لەگشت کایە سەرەکییەکانی حکومەت و پەرلەمان روو دەدات، بۆیە دەبینین لەو ناوەندەشدا پلانەکە پشتگوێ دەخەن و بۆ ماوەیەك مەسەلەی ژن بەهەند وەرناگرێت و سەرجەم ئەوشتانەی کەپەیوەستن بەئافرەتەوە رادەوستێت، بە بڕوای من ئەگەر حکومەت بەم شێوەیە کار بکات، ئەوا لە داهاتووشــدا ناتوانێت هیچ بۆ دۆسییەی ئافرەت بکات. چونکە بە تیۆری هیچ ناکرێت، ئەگەر قســەکان نەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** زۆربــەی چالاکوانان گلەییان لە ئەدای پەرلەمان هەیە، ئایا ئەرکی پەرلەمان تەنیا ئەوەیە یاســا دەربکات و تۆزی لەســەر بنیشێت، بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بکات؟**

- بەداخــەوە هەندێکجار پەلەمان لەژێر گوشــاری چالاکوانان و ڕۆشــنبیران و ڕۆژنامەنووسان یاســای هەموار کردووە، یان پرۆژەی داناوە، بەڵام وەك دەزانین یاســاکان تەنیا وەك مەرەکەبی ســەرکاغەز لە دادگاکان و لەو گۆڤارەی تێیدا بڵاوی دەکەنەوە، دەمێنێتــەوە، زۆرجار حەرفێکی لێ جێبەجــێ ناکرێت، ئەمەش کارەساتە کە یاســایەك دەربچێت و بزانرێ جێبەجێنەکراوەو هیچ هەڵوێستێکیش نەبێت.

*** بابێنە ســەر لایەنی سیاســی، وەك دەزانین ژمارەی ئافرەت لــە ســەرکردایەتی حزبەکاندا لە ژمارەی پەنجەکانی دەســتێك تێناپەڕێت، زۆر جار دەوترێ ئەوەشــی هەیە وەك گوڵی سەرمێز و بــۆ دیکۆرە، ئایا کاتــی ئەوە نەهاتووە ڕۆڵــی ئافرەت زیاد بکرێت؟**

- هۆکار زۆرە، بەڵام هۆکاری ســەرەکی ئەوەیە ســەرکردایەتی حزبەکانیــش باوەڕێکــی پتەویان بــە توانای ئافــرەت نییە و باوەڕیان وایە ئافرەت توانای کاری سیاســی نییە، وەك دەشزانین بەدانپێدانانی ســەرکردەکانیش ئافرەتانی کورد بەشــدارییان لە شــۆڕش و و خەبات و ڕاپەرینەکان کردووە، بەڵام تائێستاش کە پێویســتە ژن لە ســەرکردایەتی حزبەکان هەبێت، دان بەتوانا و هێزیاندا نانێن. لەم چەندســاڵەی دواییدا حزبەکان چەند ژنێکیان هێناوەتــە ناو ســەرکردایەتی خۆیان، بۆ ئــەوەی بڵێن ئەوەتا لە کوردســتانیش ئافرەتان ڕۆڵ و پێگەی سیاســییان هەیە، بەڵام ئایا لەڕاســتیدا لەڕووی پراکتیکەوە چ پێگەیان هەیە؟ بەداخەوە هێشتا ئافرەت تەنیا بە ڕوخسار لەناو حزبەکان هەن و ئیستیسناش نییە، هەموو حزبەکان لەو بوارەدا وەك یەکن، ئەگەر ئافرەتێکیش توانیبێتی رۆڵ و پێگەی سیاســی هەبێت و ســەفەر بکات و جموجوولی سیاسی هەبێت، ئەوا لەبەر ئەوە نییە کە ژنە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە زۆر نزیکە لەسەرکردەی حزبەکانەوە، واتا بوونی ژنان زیاتر ڕواڵەتەو وەك پێویســت بەشداری سیاسەتی نەکردووە. بۆیە پێویســتە ئافرەت کاتێك بەشداری فیعلی سیاسەت دەکات، خۆی بۆ ئەو پۆستە تەرخان بکات و ئامادە نەبێت وەك دیکۆرێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

*** کەی بووی بە بەرپرســی پەیمانگــەی یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان بۆ پرســە کۆمەڵایەتییەکان و تا چەند لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە پسپۆڕیت هەیە؟**

**هەندێکجار پەرلەمان لەژێر گوشاری چالاکوانان و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان یاسای هەموار کردووە، یان پرۆژەی داناوە، بەڵام وەک دەزانین یاساکان تەنیا وەک مەرەکەبی سەرکاغەز لە دادگاکان و لەو گۆڤارەی تێیدا بڵاوی دەکەنەوە، دەمێنێتەوە**

**لەیاسای هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا تەمەنی هاوسەرگیری لە سەرووی هەژدە ساڵە، بەڵام لای ئێمە دەبینی لە تەمەنی نەوجەوانی لە دەرەوەی دادگا کچان مارە دەکرێن**

**بەداخەوە هێشتا ئافرەت تەنیا بە ڕوخسار لەناو حزبەکان هەن و مرۆڤیش نییە، هەموو حزبەکان لەو بوارەدا وەک یەکن**



**یەکێک لەهەڵە گەورەکانی حکومەت کە زیانی بەپرسی ژن گەیاندووەو ئەوە بووە کە هەمیشە لە پلانە ستراتیژیەکانی ئەو بوارە دابڕاوە**

**کارەساتە کە یاسایەک دەربچێت و بزانرێ جێبەجێنەکراوەو هیچ هەڵوێستێکیش نەبێت**

**بەهۆی جەستەیەوە ئافرەت وەک دۆڵابێک دانراوە کە شەرەفی پیاوی تێدا پارێزراوە، بۆیە کوشتن لەسەر شەرەف بەردەوام هەبووە**

**سەرکردایەتی حزبەکانیش باوەڕێکی پتەویان بە توانای ئافرەت نییە و باوەڕیان وایە ئافرەت توانای کاری سیاسی نییە**

- کارەکـــەم بەپێی پســـپۆڕی خۆمە، چ وەك گۆڤاری شـــیکار کە من سەرنووســـەریم، چ وەك پەیمانگە کە کێشـــەی چەندین کەسمان چارەسەر کردووە، چەندین سیمینارمان لە قوتابخانەکانی کوڕان و کچان کردووە، کە نزیکەی ٢٥ سیمینارێك دەبێت، لەسەر بابەتەکانی مـــاددە بێهۆشـــکەرەکان و تەکنەلۆژیاو زۆر بابەتی دی، ئارمی پەیمانگەشـــمان پێداون کە ژمـــارەی پەیمانگەی لەســـەرەو دەتوانن لەڕێگەی ئەوەوە پێوەندمان پێوەبکەن، واتا ئێمە هەوڵمانداوە پەیوەندییەکی بەردەوامان لەگەڵ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەو بەتایبەتی چینی گەنجاندا هەبێت .

*** باســـی کۆمەڵێك چالاکیت کرد، بۆچـــی چالاکییەکانتان لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتیتان ڕەنگدانەوەی نییە؟**

- بێگومـــان ئـــەو کەمتەرخەمییە زیاتر پەیوەنـــدی بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەیە، چونکە ئەوان بەشی راگەیاندنیان هەیە کە تایبەتە بەو کارانە، ئەوانیش ماوەیەك کێشـــەی ئینتەرنێتیان هەبوو، ئەو کێشەیەش لەکوردستاندا زۆرەو تەنیا ئێمە نین، لەجیاتی ئەوە ئێمە لەســـایتی فەیســـبووك بۆ گۆڤاری شیکار پەیجمان کردووەتەوە، بەشـــێك لە چالاکییەکانمان لەوێ دادەبەزێنین، ئێمە وەك پەیمانگەی پرســـە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی راگەیاندنەوە تەنیا گۆڤاری (شـــیکار)مان هەیە، لە ســـایتی فەیســـبووك کارەکان دەکەین و هەر کەسێکیش لەفەیسبووکی خۆیەوە چالاکی خۆی دادەبەزێنێت، ئێســـتا فەیسبووك بۆتە ئامرازێکی خێرا بۆ بڵاوکردنەوەی شتەکان و هەموو لایەنێك سوودی لێدەبینن.

*** بۆچـــی لـــە گۆڤاری شـــیکار، شـــیکاری زۆر نابینرێ و بەدواداچوونی بابەتییانەتان کەمە، ئایا بۆ چارەسەری کێشەکان تەنیا ڕاپرسی بەسە؟**

- ڕاپرســـییەکانی ئێمە هەموو کوردســـتان دەگرێتەوە، بەشاری کەرکـــووك و دەوروپشتیشـــی، چونکـــە بەشـــێکی دانەبڕاوی کوردســـتانن، بۆ نموونە ڕاپرسیمان لەســـەر خەتەنە، پێوەرەکانی هاوســـەرگیری، تەڵاق و جیابوونەوە لە سەرانســـەری کوردستان کرد، لێکۆڵینەوەیەی زانستیشـــی بۆ دەکەین و دواتر بەشـــێوەی تیۆریش کاری لەســـەر دەکەین، واتا بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی کاری لەسەر دەکەین، ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر گرنگی بە ژمارە دەدەین.

*** کچان قوربانی زۆربەی کێشەکانی ژن بە ژنیێ و هاوسەرگیری زۆرەملێ و توندوتیژی خێزانین، بۆچی زیاتر باســـی ژنی خاوەن هاوسەر و کێشەکانی دەکرێ و کچان فەرامۆش کراون؟**

- بێگومان کێشـــەی زۆرمـــان هەیە، لەوانە کێشـــەی بە زۆر بەشـــوودانی کچ و ژن بەژن بـــەزۆر مارەبڕینی کچ و چەندین کێشەی ترمان هەیە بەتایبەتی لە لادێیەکان، هەندێکجار لەدەوری مەحکەمە زۆر مارەبڕینی نایاســـایی دەکرێت و دواتر دادگاش ناچارە دانی پێـــدا بنێ، چونکە دەبێتە مەســـەلەیەکی ئەمری واقیع، تائێســـتا لایەنی یاسایی ئێمە چەندین کەلێنی لەوبوارەدا هەیە کە چارەسەری نەکردووە، بۆ نموونە یاسای باری کەسێتی سەرەڕای هەموارکردنەوەی زۆر کەموکوڕی هەیە، ئێمە زۆرجار لەڕووی یاســـاییەوە ڕووبەڕووی کێشـــە دەبینەوە، پارێزەرەکەمان نازانێت چون کاری لەســـەر بکات. یان لەیاســـای هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا تەمەنی هاوسەرگیری لە سەرووی هەژدەساڵە، بەڵام لای ئێمە دەبینی لە تەمەنی نەوجەوانی لە دەرەوەی دادگا کچان مارە دەکرێن.

*** چ خوێندنەوەیەکـــت بۆ ئەدای ئەنجومەنـــی باڵای خانمان هەیە؟**

- گەرچی ئەنجومەنی بـــاڵای خانمان تازە دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکمان لەکارەکانیان نەدیوە، هەڵبەتە دوو ساڵە دامەزراوە، ئەوەش ماوەیەکی کافییە کە ئەنجامی ئیشـــکردنیان ببینین. مـــن وەکو خۆم چاوەڕوانم ئەنجامی باشـــیان هەبێت و ئومێدی ســـەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، گرنـــگ ئەوەیە کە بتوانن ئیش بۆ ئافرەتی ئەم وڵاتە بکەن، وەك دەڵێن کوێرە چیت دەوێ.. دوو چاوی ســـاغ، گرنگ ئەوەیە کە بتوانین هەموومان کارێکی باش بکەین.

*** وەك دواقسە چ پەیامێکت هەیە؟**

- زۆر سوپاســـتان دەکەم و پێمخۆشە گرنگی بەو بابەتە گرنگە کۆمەڵایەتییانـــە دەدەن، بەداخـــەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن، بەڵام پشتگوێ خراون، هیوادارم گۆڤاری گوڵان گرنگی زیاتر بەکێشە کۆمەڵایەتییەکان بدات..

# ڕۆژی جیهانیی منداڵان چ پەیامێکی بۆ منداڵانی کورد هەیە؟



**ڕۆژی یەکی حوزەیرانی هەموو ساڵێک لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەک ڕۆژی جیهانیی منداڵان ناسراوەو بەشێوازی جیاواز پێشوازی لەو ڕۆژە دەکرێ، لەهەر وڵاتێکیش بە جۆرەها بەرنامەو چالاکی و ئاهەنگی تایبەت دڵی منداڵان خۆش دەکەن، گەرچی دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵ، لە هەر وڵاتێک ڕێژەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام کۆمەڵناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆربەی وڵاتانی بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی بابەتی و زانستییانە پێگەی منداڵ لە کۆمەڵگە و جۆری پەروەردەی تەندروست و زانستی منداڵان دەستنیشان بکەن، گەر ئەوەشیان بە تیۆر کردبێت، بە کردەیی شتێکی ئەوتۆیان بۆ منداڵ نەکردووە، بۆ ئەوەی وەک نەوەی داد‌ێ بتوانن کۆمەڵگەیەکی ئارام و دوور لە توندوتیژییان هەبێت.**

## بۆ یەکەمجار لەمێژوودا پەرلەمانی سویسرا دانی بەمافەکانی منداڵاندا ناوە

سویسرا یەکەم وڵاتی جیهان بووە کە لە ساڵی ١٩٢٥ ڕۆژی (٦/١)ی وەك جەژنی منداڵان دەستنیشان کردووە، بۆ یەکەمجاریش لەمێژوودا پەرلەمانی سویسرا دانی بەمافە سەرەتاییەکانی منداڵاندا ناوە. دواتر لەچەندین وڵاتی دیکەی جیهانیش وەك رووسیا و چین و کۆریای باکوور سەرجەم وڵاتانی ئەمریکای لاتین جەژنی منداڵان دەستنیشان کرا، لەکۆتایی ساڵانی شەستەکان و سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش هەریەك لە سووریا و لیبیا و جەزائیر ئەو ڕۆژەیان بەجەژنی منداڵان ناساند. زۆر وڵاتیش هەن، ڕۆژی دیکەیان وەك ڕۆژی جیهانی منداڵ دەستنیشان کردووە، بۆ نموونە وڵاتی تورکیا ڕۆژی (٢٣)ی ئایاری دەستنیشان کردووە .

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕۆژی (٢٠ی تشرینی دووەمی١٩٥٤) لە وڵاتی سوویسرا یەکەم کۆنگرەی جیهانی تایبەت بەمنداڵانی بەست، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆدەنگییەك لەسەر ژیانی منداڵ لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهاندا هەبێت و دواتر لە ڕۆژی (٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩)دا نەتەوەیەکگرتووەکان لەکاتی یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی منداڵاندا بەئامادەبوونی نزیکەی (١٩١) دەوڵەت یاداشتی بەرگری مافەکانی منداڵان مۆرکرا .

لەهەرێمی کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی دی لە ١ی حوزەیران یادی ڕۆژی جیهانی منداڵان دەکرێتەوە. گەرچی زۆرێك لە خێزانەکانی کورد گرنگییەکی ئەوتۆ بە ڕۆژی جیهانی منداڵ نادەن و بە شتێکی نامۆی دەزانن، بەڵام هەندێ خانەوادەش هەن کە ئەو ڕۆژە بۆ منداڵی خۆیان تەرخان دەکەن و بە بایەخەوە سەیری دەکەن. لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە منداڵان دامەزراون، کە هەر کامیان بە پێی قەوارە و توانا کاریان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵ کردووە و بە یاساش هەوڵ دراوە توندوتیژی خێزانی بەتایبەت بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵ کۆنترۆڵ بکرێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تا ئێستا نەتوانراوە کارکردنی منداڵ لەسەر شەقام و لەناو کارگەکان و دابڕانی لە خوێندن کۆنترۆڵ بکرێ. توێژەرانی دەروونناس و کۆمەڵناسانی کوردستانیش و ڕۆشنبیرانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە وەك پێویست گرنگی بە مافەکانی منداڵان نەدراوەو کاری جددی بۆ چارەسەری کێشەکانیان نەکراوە.

## منداڵانی کوردستان چۆن یادی ڕۆژی جیهانی خۆیان دەکەنەوە؟

«من نازانم کەی ڕۆژی جیهانی منداڵە، بەس دەزانم ڕۆژێك هەیە حەفلەی دەکەن و منداڵأ دەبەن بۆ باخچەو شاری یاری، بەڵام من هەر کات بمبەن بۆ سمایلان خۆشترین ڕۆژمە، چونکە لە گەڕەکی ئێمە باخچەو شوێنی یاری منداڵ تیا نییە». ئەوە قسەی ئیسماعیل لەتیف عومەر بوو، وەك خۆی باسیکرد تەمەنی ١٢ ساڵەو قوتابی پۆلی شەشی سەرەتاییەو دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری هەولێرە. ئەو بەمجۆرە باسی حەز و خەونەکانی دەکات «من حەز دەکەم وەك میسی و ڕۆناڵدۆ بەناو بانگ بم و منیش لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان یەکەمی جیهان بێنم». ئەو خەونەی ئەو مێردمنداڵە گەرچی تامەزرۆیی زۆری پێوە دیار بوو، بەڵام حەسرەتەکانیشی بۆ ڕۆژی جیهانی منداڵ دوای ئەوە دەخاتەڕوو کە پاش گفتوگۆ لەگەڵ پەیامنێری گوڵان، بۆی دەردەکەوێ کە لە ئاستی دونیادا بە کوردستانیشەوە کاریان بۆ ئەوە کردووە، منداڵ مافی هەبێت و بخرێتە بەر خوێندن و کارکردنی قەدەغە بکرێ و لە لێدان و توندوتیژی بپارێزرێ، ڕۆژی (یەکی حوزەیران)یش تایبەتە بۆ منداڵ و ئاواتەکانی وەك ڕۆژی جیهانی منداڵ دەستنیشان کراوە، بەڵام ئیسماعیل بە نیگەرانییەوە تەنیا وتی «من برادەرێکم هەیە لە لای فیتەر کار دەکات، زۆریش ماندوو دەبێت».

ئاسۆ محەممەد تەمەنی ١٤ ساڵەو بۆیاخی پێڵاو دەکات، ئەو سەرەتا ئامادە نەبوو هیچ قسەیەك لە بارەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە بکات، بەڵام دواتر هێمای بۆ ئەوە کرد، کە دەزانێت ئەو ڕۆژە هەیە، بەڵام «بە من چی؟». وتیشی «من سبەی تا شەو لە بەر ڕۆژ کار دەکەم و ئەوەی دەستم دەکەوێ بە ماڵەوەی دەدەم و بەشێکی کەمی بۆ خەرجی ڕۆژانەمە، منیش حەزم دەکرد لە مەکتەب بم، بەڵام باوکم توانای کاری نییە، بۆیە ناچارم ڕۆژ تا شەو کار بکەم». ئاسۆ بە خەمبارییەکی زۆرەوە لە داهاتووی خۆێ دەڕوانێت، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هیچ دڵخۆشییەکی بە ڕۆژی جیهانی منداڵ نییە، بۆیە دەڵێت: ڕۆژی جیهانی چی بۆ من دەکات؟ هەزار ڕۆژی وا هەبێت من هەر دەبێت بۆیاخی پێڵاو بکەم و موستەقبەلیشم هەر وایە.

## کاربەدەستانی ئیداری لەو ڕۆژەدا خەڵات بەسەر منداڵی خواپێداوەکان دابەشدەکەن و منداڵانی کارگەر نابینن

شۆخان عەزیز سەرۆکی ڕێکخراوی فریاکەوتنی دەروونی منداڵان لەشاری سلێمانی، دەڵێت «لە کوردستان لەڕۆژی جیهانی منداڵاندا گەورەکان ئاهەنگ دەگێڕن و زۆربەی منداڵان جەژنیان نییە، لەم ڕۆژەدا وەزیر و کاربەدەستانی ئیداری سەردانی دامودەزگاکان دەکەن و تەنیا خەڵات بەسەر منداڵی خواپێداوەکان دابەشدەکەن و منداڵانی کارگەر نابینن، بۆیە زۆربەی منداڵان هەست بە ڕۆژی جیهانی خۆیان ناکەن». شۆخان نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە «هەموو ساڵێك تەنانەت لەڕۆژی جیهانی منداڵاندا دەبینین چەندین منداڵ لەناو پارك و باخچەکان و لە سەر شەقام خەریکی شت فرۆشتنن، یان لە ناو کارگەکان کاری قورس دەکەن، ئیتر ئێمە چۆن باسی ڕۆژی جیهانی منداڵان بکەین؟». وتیشی «ڕاستە لە کوردستان چەندین ڕێکخراو و ناوەند هەن کە بەناوی منداڵانەوە کراونەتەوە، بودجەیەکی باشیش بۆئەم مەبەستە تەرخانکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، منداڵانی کوردستان لەم ڕۆژەدا هیچیان بۆ دەستەبەرنەکراوە».

## یاسای نێودەوڵەتی گرنگی زۆری بە مافەکانی منداڵ داوە

پارێزەر هاژە کەمال، لەڕووی یاساییەوە مافەکانی منداڵ تاوتوێ دەکات و دەڵێت «لە ڕوانگەی یاساوە منداڵ خاوەن چەندان مافە، بێگومان سەرجەم ئایینەکانیش ئاماژەیان بەم یاسایانە داوە، لەکۆڕبەندە

پەرلەمانتارێک:

**به پێویستی دەزانین پێداچوونەوە لەسەر یاسای کارکردن بکرێ، بۆ ئەوەی بەهەموو شێوەیەک کارکردن بە منداڵ و سواڵکردنی منداڵان قەدەغە بکەین**

پارێزەرێک:

**لەکۆڕبەندە جیهانی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو دەستوورو یاسا ناوخۆیی و هەرێمییەکانیش، بەدەقی نووسراو مافەکانی منداڵ دیاریکراوە**

جیهانی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو دەستوورو یاسا ناوخۆیی و هەرێمییەکانیش، بەدەقی نووسراو مافەکانی منداڵی دیاریکراوە، لەبەر ئەمەش تا ڕادەیەکی باش توانراوە لە ئاستی جیهانی کار بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی منداڵان بکرێت، ئەوەشمان لەیادنەچێت کە نەتەوەیەکگرتووەکان پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی لە ساڵی١٩٤٧ی دەرکردو زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەسەندیان کرد، ئەم جاڕنامەیەش بووە باشترین بەڵگە بۆپاراستنی مافەکانی منداڵان و لەڕۆژی (٢٠/ ١١/ ١٩٨٩)دا جارێکی دی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵان هەموارکرایەوەو دواتریش لەلایەن سەرجەم وڵاتانی جیهانەوە پەسەندکرا».

## منداڵ بە گوێرەی یاسا خاوەن مافە، بەبێ ئەوەی ئەرکی یاسایی لەسەر بێت

هاژە جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵان وەك چینێکی گرنگی کۆمەڵگە هەمیشە شوێنی بایەخپێدانی ڕێکخراوە جیهانیەکان بوون، جا لەسەر ئاستی نەتەوەیی بێت، یان خۆجێی بێت، وتیشی «بێگومان قۆناغی منداڵی گرنگی خۆی هەیە، چونکە یەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی تاکەو تەمەنی منداڵی ئەو تەمەنەیە کە دەرگای هاتنە ژوورەوەی مرۆڤە بۆ ساتەوەختەکانی ژیان، یاساش هەمیشە گرنگی بەهەموو مرۆڤێك دەدات، بەجۆرێك هەر مرۆڤێك ئەگەر ئەرکێکی لە ئەستۆدا بێت، لەبەرامبەر ئەرکەکەیدا کۆمەڵێك مافی هەیە. بەڵام منداڵ بە گوێرەی یاسا خاوەن مافە، بەبێ ئەوەی ئەرکی یاسایی لەسەر بێت».

ئەو پارێزەرە ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئامانجی یاسا، پاسەوانیکردنو پێدانی مافو ئەرکە بەگشت چینو ڕەگەزێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چ منداڵ بێت، یان نەوجەوان، یان گەنجێکی پێگەیشتوو، یاخود پیرو بەتەمەن بێت، وتیشی «نەتەوەیەکگرتووەکان کە یاسای فەراهەم کردووە بۆ ئەوە بووە کە مرۆڤەکان مافیان پارێزراو بێت و ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبنەوە».

## لە دەستووری عێراقیدا گرنگی بە مافەکانی منداڵ دراوە

پارێزەر هاژە کەمال هێمای بۆ ئەوە کرد کە یاسای دەستووری نوێی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) گرنگی بە مافەکانی منداڵ داوە، بۆ نموونە لە دەروازەی دووەمی دەستووردا کە تایبەتە بە ماف و ئازادییەکان، لە ماددەی (٢٩/بڕگەی ٣ و ماددەی ٣٠)دا هاتووە «قەدەغەکراوە هەموو جۆرە بەکارهێنانی منداڵان لە بواری ئابووری و سیاسی، هەروەها پێویستە لەسەر دەوڵەت پاسەوانییان لێبکات»، کورتکراوەی ئەم دەقەش لەوەدایە کە بەهەموو شێوەیەك قەدەغەکراوە لەهەموو کەسێك کە منداڵ بەکاربهێنێت و بۆ مەرامە تایبەتییەکانی، هەروەها لە یاسای کاری عێراقی ساڵی ١٩٦٩ کارکردن بە منداڵ سنووردارکراوە، قەدەغەش کراوە منداڵ کاری سواڵکردن بکات، یاخود بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێنرێت».

ئەو پارێزەرە هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەتا ئەمڕۆش سەرەڕای بوونی سەرجەم یاسا نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان نەتوانراوە مافی ژیانی منداڵ زامن بکرێت، ساڵانە لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا هەزاران منداڵ بەنەخۆشی کۆلێراو بەهۆی بەدخۆراکی دەمرن، بۆ نموونە تەنیا لەساڵی (٢٠١٢)دا لەوڵاتی ئەسوبیا نزیکەی حەوت هەزار منداڵ بە نەخۆشی کۆلێرا گیانیان لەدەستدا، ئەوەی شوێنی تێڕامانانە منداڵانی کورد بە بەراورد بەمنداڵانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر مافیان پارێزراوە، چونکە سیستەمی خوێندن لەکوردستان بەبێ بەرامبەرەوە، ئەمەش وایکردووە زۆرترین ڕێژەی منداڵان بەشداری خوێندن بکەن، لەکاتێکدا لەوڵاتانی دیکەی ناوچەکە خوێندنی بنەڕەتی بە پارەیە».

## تەنیا لەڕۆژی یەکی حوزەیران گرنگی بە منداڵان دەدرێت و دواتر فەرامۆش دەکرێن

سەیران سەلاح سەرۆکی (ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان)ەو لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە منداڵان نەوەی دواڕۆژن و دەبێت گرنگییەکی زۆر بە چەندایەتی و چۆنایەتی پەروەردەکردنیان بدرێ، وتیشی «هەموومان دەزانین کە تەنیا لەڕۆژی یەکی حوزەیراندا گرنگی بە منداڵان دەدرێت و ڕۆژەکانی دی منداڵان فەرامۆش دەکرێن، چونکە یادکرنەوەی ڕۆژی منداڵان زۆر تەقلیدییە و تەنیا بریتیە لە ئاهەنگگێڕان و هەڵپەڕکێ، هاوکات لە هەمان ڕۆژ هەزاران منداڵی نەخۆش و بێسەرپەرشت و بێناز و کارگەر و سواڵکەر هەن، کە کەس ئاوڕیان لێناداتەوە، بۆیە پێویستە لەم ڕۆژەدا پراکتیکیانە کار بۆ منداڵان بکرێت».

سەیران ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە جەژن و ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی تایبەت بە ڕۆژی جیهانی منداڵان، «کاریگەری ئەرێنی و زۆر باش»ی هەیە، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ ئەوە بکرێ مافەکانی منداڵ بچەسپێت و ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژێك بۆ ئەوەی منداڵان مافەکانیان دەستەبەرکرابێت و لە گوشاری کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕزگاریان بێت. گوتیشی «با هەموومان ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی دەستەبەربوونی مافی منداڵان و بە یاسا و جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە مافەکانیان واتای تەواو بە ڕۆژی جیهانییان بدەین».

## حکومەت و پەرلەمان بە جددی کاریان لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵان نەکردووە

سەیران باس لەوە دەکات کە منداڵان بوونەوەرێکی پاك و پێگەردن و پێویستییان بەهاوکاری گەورەکانە، بۆیە بە پێویستی دەزانێت لەو ڕۆژەدا هەموو لایەك هەوڵبدەن بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەو بوونەوەرە بێگەردە بگرنە ئەستۆ و کاری جددی بۆ باشترکردنی گوزەران و پەروەردەی تەندروستیان بکەن. وتیشی «هەتا ئێستا حکومەت و پەرلەمان بە جددی کاریان لەسەر دەستبەرکردنی مافەکانی منداڵان نەکردووە، ئێمە پڕۆژەیاسای مافەکانی منداڵانمان ئامادەکردووە، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە پەرلەمان، پێویستە حکومەت پەلە بکات بۆئەوەی ئەو یاسایانە بگەیەنێتە پەرلەمان کە تایبەتن بەمنداڵان و لە زۆر شتی نەشیاو دەیانپارێزێت».

لەلای خۆیەوە پەرلەمانتار تارا ئیحسان ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی منداڵ لەپەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان وتی «لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی منداڵ لەپەرلەمانی کوردستان چەندین هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ جێگیرکردنی مافەکانی منداڵان و هەمیشەش گرنگی تەواومان بە منداڵان داوە، چونکە منداڵ ئایندەی کۆمەڵگەن، ئەمساڵ لەلایەن دە ئەندام پەرلەمانەوە یاسایەکمان ئامادە کردووە بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ، لەهەمانکاتدا چاوەڕوانین کە پڕۆژەیەکی دی هەیە کە زۆر فراوانەو تایبەتە بە منداڵان، ئەو پڕۆژەیە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە، وەك ئاگاداربم لەوێ تەواوبووە، دوای ماوەیەك دەگاتە پەرلەمان و ئاڕاستەی لیژنەکەی ئێمە دەکرێت، چەندین پڕۆژەی دیکەمان فەراهەم کردووە بۆ جێبەجێکردن، لەوانە دەرکردنی چەند یاسایەکی تایبەت بە منداڵانی بێسەرپەرشت، ئەویش بە داڕشتنی پڕۆژەی خێزانی جێگرەوە کە تایبەتە بە بەخێوکردنی منداڵی بێسەرپەرشت لەلایەن خێزانێکەوە، کە ئەم پڕۆژەیەش یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە زۆرترین خزمەت بە منداڵانی بێسەرپەرشت دەکات، چونکە خێزانێك بۆ ئەو منداڵانە دروست دەکات، هەروەها وەك لیژنەکەمان بە پێویستی دەزانین پێداچوونەوە لەسەر یاسای کارکردن بکرێ، بۆ ئەوەی بەهەموو شێوەیەك کارکردن بە منداڵ و سواڵکردنی منداڵان قەدەغە بکەین» .

ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان:

**منداڵان نەوەی دواڕۆژن و دەبێت گرنگییەکی زۆر بە چەندایەتی و چۆنایەتی پەروەردەکردنیان بدرێ**

سەرۆکی ڕێکخراوی فریاکەوتنی دەروونی منداڵان:

**تا ئێستا نەتوانراوە کارکردنی منداڵ لەسەر شەقام و لەناو کارگەکان و دابڕانی لە خوێندن کۆنترۆڵ بکرێ**